Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.24.11C01

# زمان وەکو ئامرازێکی کاریگەری توندوتیژی زارەکی و تاوانە زمانییەکان (جنێو و هەڕەشەکردن بە نموونە)

**پێشکەوت مەجید محەمەد**

بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان، وەزارەتی پەروەردە، هەرێمی کوردستان – عێراق

| Article Info | |
|---|---|
| Received: | September, 2023 |
| Revised: | February, 2024 |
| Accepted: | March, 2024 |
| **Keywords** | |
| **زمان و کۆمەڵ، یاسا کۆمەڵایەتییەکانی زمان، توندوتیژی زارەکی ، تاوانە زمانییەکان** | |
| **Corresponding Author** | |
| peshkawt.majed@garmian.edu.krd | |

**پوختە:**

ئەو پەیوەندییەی لەنێوان زمان و کۆمەڵدا هەیە بە کۆمەڵێك یاسای کۆمەڵایەتی و یاسای دادوەری ڕێکخراوە، بە ئامانجی پاراستن و بەردەوامیدان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بونیادنانی کۆمەڵگایەکی زمان تۆکمە و باڵای پڕ لە جوانەدربڕین و دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی ئەو دەربڕاوە زمانییانەی، کە توندوتیژی کۆمەڵایەتی و تاوانی زمانییان لێدەکەوێتەوە، چونکە زمان دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتی و کەلتوورییە، تاکەکان ناچارن بەکارهێنانییەوە و دەبێت بەپێی یاسا دادوەریی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵە ڕەفتاربکەن و شێوازی قسەکردنیشیان بەپێی ئەو یاسایانە بێت، بە پێچەوانەوە دەرچوون لە یاساکان و جێبەجێنەکردنیان، تاك تووشی توندوتیژی و تاوانی زمانیی دەکاتەوە و بە سزایی جۆراوجۆر سزادەدرێت.

## پێشەکی:

### ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (زمان وەکو ئامرازێکی کاریگەری توندوتیژی زارەکی و تاوانە زمانییەکان (جنێو و هەڕەشەکردن بە نموونە)، تیشکدەخاتەسەر ئەو جۆرانەی توندوتیژی و تاوان، کە لە ڕێگەی زمانەوە ئەنجامدەدرێت، هەروەها ئەو یاسایانەی، کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکان ڕێکدەخات، خراوەتەڕوو، ئەو سزا کۆمەڵایەتیی و دادوەرییانەی بەسەر تاکە لە یاسا دەرچووەکاندا دەسەپێنرێت، دەستنیشانکراوە.

### گرنگی توێژینەوەکە:

1. هەوڵێکە بۆ ناساندنی ئەو وشە و دەربڕاوە زمانییانەی توندوتیژی و تاوانیان لێدەکەوێتەوە.
2. ئاشناکردنی تاکەکانی کۆمەڵ بە سزا کۆمەڵایەتییەکانی زمان و ئەو سزایانەی لە یاسای سزدانی عێراقدا بۆ تاوانە زمانییەکان دیاریکراوە.
3. بە کەمی توێژینەوە لەسەر گرنگی دادگاکان لە پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی زمانەوە، ئەنجامدراوە.

### ئامانجی توێژینەوەکە:

1. دیاریکردنی ئەو دەربڕاوە زمانییانە، کە توندوتیژی زمانیی و تاوانی زمانییان لێدەکەوێتەوە.
2. دیاریکردنی ئەو جۆرانەی دیاریدە کۆمەڵایەتییەکانی زمان، کە لە ناوچەکانی گەرمیان باون و زۆرترین توندوتیژیان لێدەکەوێتەوە.
3. دەرخستن و گرنگی سزا کۆمەڵایەتی و دادوەرییەکان لە سنوردارکردن و کەمکردنەوەی توندوتیژی و تاوانە زمانییەکان.

### ڕێبازی توێژینەوەکە:

لە توێژینەوەکەدا ڕێبازی (پەسنی شیکاری) بەکارهێنراوە.

### سنور و کەرەستەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە سنوری زانستی زمانی کۆمەڵایەتی و زانستی زمانی دادوەرییدایە، کە دوو لقی زمانەوانی کارەکین، هەوڵدراوە لە ڕێگەی هەردوو دیاردەی (جنێو و هەڕەشەکردن)هوە، زمان وەکو ئامرازی سەرەکی ئەنجامدانی توندوتیژی زمانیی و تاوانی زمانیی بخرێتەڕوو. لە توێژینەوەکەدا دیالێکتی

كرمانجی ناوڕاستی زمانی کوردی بەکارهێنراوە و دەربڕاو و کەرەستە و بەڵگە و داتاکان بە شێوەیەکی مەیدانی لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئاخێوەرانی ناوچەی گەرمیان و (سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوك– گەرمیان)ەوە، وەرگیراون.

## ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە سێ تەوەر پێکهاتووە، بەمشێوەیە:

لە تەوەری یەکەمدا باس لە پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ لەلایەك و یاسا کۆمەڵایەتییەکانی زمان و ڕۆڵیان لە پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ، کراوە.

لە تەوەری دووەمدا باس لە هەریەکە لە توندوتیژی زمانیی و تاوانە زمانییەکان کراوە، هەروەها پەیوەست بە جۆری  یاسا و سزاکانەوە لە یەکجیاکراونەتەوە.

لە تەوەری سێیەمدا (جنێو و هەڕەشەکردن) ناسێنراون، هەروەها ئەو دەربڕاو و نووسراو و هێما و ئاماژانە دیاریکراون، کە دەبنەهۆی توندوتیژی زمانیی لە ناوچەی گەرمیاندا، پاشان ئەو ماددانەی یاسای سزادانی عێراقی خراوەتەڕوو، کە بۆ تاوانە زمانییەکان دانراون، بە بەڵگە و داتا و دۆسیەی تاوان ڕۆڵی دادگاکان لە کەمکردنەوەیان خراوەتەڕوو.

لە کۆتاییدا ئەنجام و سەرچاوە بەکارهاتووەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

## تەوەری یەکەم

## (پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ)

### 1- زمان و کۆمەڵ (language and society):

زمان و کۆمەڵ پێوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوانیاندا هەیە، وەکو دوو ڕووی یەك دراون، هێندە گرنگن یەکتر تەواودەکەن، ئەو پەیوەندییەی نێوانیان بووەتەهۆی ئەوەی، کە هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر زمان هەبێت، بە پێچەوانەشەوە، واتە هەر گۆڕانێك، کە لە کۆمەڵدا ڕوودەدات، کاریگەریی لەسەر زمان دەبێت و لەگەڵیدا زمانیش دەگۆڕێت. (گۆڕانکارییە زمانییەکان پەیوەستن بە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانەوە، گۆڕانی کۆمەڵایەتی، بە واتە گۆڕانی مەرجەکانی ژیان و فۆرمەکانی ژیان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، کە کاردەکەنەسەر زمان و زمانیش کاریان تێدەکات (کۆمەڵێك زمانەوان، 2009: 90)، چونکە (مرۆڤ بە سروشتی گیانەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بە درێژایی سەردەمەکان پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و شارستانی ئەنجامداوە، لەگەڵ ئەوانی دیکەدا یەکتریان ناسیوە و گفتوگۆیان کردووە و سودیان لە شارەزای و ئەزموونی یەکتر بینیوە، پێکەوە ڕۆڵیان لە گۆڕان و گەشەپێدانی شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا هەبووە (الزيادي و سلمان، 2000: 62)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لە ئەنجامی پێشکەوتنی شارستانییەتەوە، ئەو گۆڕانانەی، کە لە کۆمەڵدا ڕوودەدەن، دیاردە زمانییەکانیش لەگەڵیاندا دەگۆڕێن، چونکە مرۆڤ چالاکییەکانی هەر لە گوزارشتکردن لە بیروڕاو و دەربڕینی هەستەکانی و جیهانبینی، لە ڕێگەی زمانەوە ئەنجامدەدات، هەروەها (کۆمەڵ هەر لە ڕێگەی زمانەوە پارێزگاری لە کەلتوور و دابونەریت و ڕۆشبیری و بەها کۆمەڵایەتییەکان...هتد دەکات، نەوە بۆ نەوە دەیانگوێزێتەوە و گەشەیان پێدەدات، هەر لە ڕێگەی زمانەوە پەیوەندیی ڕۆشنبیری و ڕامیاری و بازرگانی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە دەبەستێت، واتە لە ڕێگەی زمانەوە نەوەی نوێ فێری کولتور و بەهای کۆمەڵایەتی دەکرێت و بۆ چوونەناو کۆمەڵ ئامادەدەکرێن (هدسون، 1987: 172)، بە پێچەوانەشەوە هەر گۆڕانێك، کە بەهۆی پێشکەوتنی شارستانییەتەوە بە سەر کۆمەڵدا دێت، لەگەڵیدا دیاردە زمانییەکانیش دەگۆڕێت.

پەیبردن بەو پەیوەندییەی، کە لە نێوان کۆمەڵ و زماندا هەیە، دوای ئەوە بوو، دەرکەوت دیاردە کۆمەڵایەتییەکان سێ سیفەتیان هەیە، ئەوانیش (وافي، 1983: 3):

1.چەند یاسایەکە، کە سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو بەشداری لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەدا دەکەن، بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی کۆمەڵایەتییان و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانیان.

2.لەلایەن تاکە کەسەوە دروستنەکراوە، بەڵکو سروشتی کۆمەڵێك هێناویەتییە ئاراوە، خۆی دەخزێنێتە نێو ژیانی ئەو کۆمەڵەوە.

3.دەرچوونی هەر تاکێك لەو یاسایانە، لەلایەن ئەو کۆمەڵەوە توشی سزا و بەرەنگاربوونەوە دەبێت، جا ئەو سزایە ماددی یان کۆمەڵایەتی بێت.

بە هەمانشێوە ئەم سێ سیفاتەش لە زماندا هەیە، بەوەی زمانی هەموو کۆمەڵێکیش سیستەمێکی گشتییە، تاکەکانی هاوبەشن لە بەکارهێنانیدا، دەیکەنە بنچینەیەك بۆ دەربڕینی بۆچوونەکانیان و ڕێکەوتنیان لەگەڵ یەکتردا، هەروەها زمان لەلایەن تاکێکەوە دروستنەکراوە، بەڵکو سروشتی کۆمەڵێك دروستی کردووە و لە ژیانی ئەو کۆمەڵەوە سەرچاوەی گرتووە، هەروەها زمان یەکێکە لەو دیاردانەی، کە هەموو کەس ناچارە لە یاساکانی دەرنەچێت و هەر دەرچوونێکیش تووشی بەرەنگاربوونەوەی کۆمەڵی دەکات، بۆ نموونە ئەگەر کەسێك وشەیەك یان دەستەواژەیەك یان ڕیزبەندیی کەرەستەکانی ڕستەیەك تێکبدات بەو شێوەیەی، کە زمانەکە چوارچێوەی بۆ داناوە، تووشی ڕێگری و گاڵتەپێکردن و لە یەکتر تێنەگەیشتن دەبێتەوە (سەرچاوەی پێشوو: 4).

هەموو ئەو بابەتانەی پەیوەندییەکانی زمان و کۆمەڵ و کاریگەریی کۆمەڵ لەسەر زمانی ئاخاوتن دیاریدەکات، کە دەکەونە دەرەوەی سنووری کارکردنی زمانناسییەوە و لە کاری زمانەوانییدا پەیوەست بە کۆمەڵەوە بەجێ هێڵدرابوون، بەکاری زانستی زمانی کۆمەڵایەتی دادەنرێن، کە زانستێکە هەوڵی دۆزینەوە و دەرخستنی ئەو بنەما و پێوەرە کۆمەڵایەتییانە دەدات، کە ڕەفتاری زمانەوانی بەڕێوەدەبەن، ئامانجیشی ئەوەیە، هەموو ئەو بابەتانەی، کە زمان پێی هەڵدەستێت و کاریگەرییان لەسەر زمان هەیە و دەکەونە دەرەوەی کاری زمانەوانی، بخاتەڕوو، وەکو دۆزینەوە و دەرخستنی ئەو بنەما و پێوەرە کۆمەڵایەتییانەی، کە ڕەفتاری زمانەوانی بەڕێوەدەبەن، بە ئامانجی دووبارە بیرکردنەوە لەو بابەت و جیاوازییانەی، کە ڕێساکانی کاری زمانەوانی بڕیاری لەسەردەدەن، وەکو ڕوونکردنەوەی پێگەی زمان لە ژیانی مرۆڤدا، گرنگیدان بە سروشتی باری زمان و شێوازە جۆربەجۆرەکانی و چۆنیەتیی هەڵوێستی ئاخێوەر و گوێگر لە ئاخاوتندا (نهر، 1988: 24)، لەم ڕوانگەیەوە زانستی زمانی کۆمەڵایەتی هەوڵی سەرەکی ئەوە دەبێت، کە بابەتی زمانەوانی فراوانتر

بکات و وای لێبکات نەك هەر گوێ بداتە شیکردنەوەی زمان، بەڵکو بیبەستێتەوە بە قسەکەر و گوێگر و بابەت و ئەو بارە کۆمەڵایەتییەی زمانەکەی تێدا بەکاردێت (فەتاح، 2010: 163).

**2- یاسا کۆمەڵایەتییەکانی زمان (social laws of language):**


زمان ئەو ئامرازەیە، کە تاکەکانی کۆمەڵ بەیەکەوە دەبەستێتەوە و پەیوەندییەکانیان رێکدەخات و لەرێگەی گوزارشتکردن و گواستنەوەی بیریان، لایەنی دەروونی و کەسایەتی و هەست و سۆز و پێگەی کۆمەڵایەتی و لایەنی رۆشنبیریان...هتد ئاشکرا دەکات. هەر دەربڕاو یان ئاماژە یان نوسراوێك کاریگەری نەرێنی بکاتەسەر لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی تاکێك، ئەوە کاریگەری دەبێت لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تاکەکان، کە بە مەبەستی بەردەوامبوون و پاراستنی پەیوەندییەکان و دوورکەوتنەوە لە گێروگرفت و سزا لەکاتی لادان لە یاساکان، بە چەندین جۆر لە یاسای کۆمەڵایەتی کۆتوبەندکراون، واتە کۆمەڵگەی مرۆیی (لەژێر چەندان یاسای کۆمەڵایەتی چەسپاودایە، بە ناچاری دەچێتەژێر رکێفیانەوە، کە لەسەر شێوەی دیاردەی کۆمەڵایەتی خۆی دەنوێنێت. تاکیش بە هەموو شێوەیەك دەچێتەژێر رکێفی ئەم یاسایانەوە و هیچ توانایەکی گۆڕینی ئەم یاسایانەی نییە و ئەو یاسایانە ئیرادەی خۆی بەسەر تاکەکاندا سەپاندوە (محمد, 2009: 69-70)، ئەم یاسایانە کۆمەڵ بە رێکەوتن بڕیاری لەسەر داوە و ئەزموونکراوە، هەموو تاکێك لە کۆمەڵەکەی خۆیدا وەریدەگرێت و کات و شوێن و چۆنیەتی بەکارهێنان و ئەو سزایانەی لە کاتی لادان لێی دیاریکراوە، فێردەبێت، نەوە بۆ نەوەش دەگوازرێتەوە، بەپێی سەردەمەکان بە گۆڕانی بیرکردنەوەی کۆمەڵ و پێشکەوتنی شارستانییەت، دەگۆڕێن. هەرچەندە (مرۆڤ بە سروشتی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، لەناو کۆمەڵدا نەبێت ناتوانێت بژێت و بەردەوام بێت، لە هەمانکاتیشدا ئارەزووی تاکڕەوی دەکات، بۆیە لەلایەکەوە لە هەوڵدایە بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندی و پەسەندبوونی وەکو تاکێکی کۆمەڵەکەی، لەلایەکی تریشەوە لە ململانێدایە بۆ پاراستنی ئارەزووی تاکێتی خۆی، بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنیوان و گونجان لەگەڵ کۆمەڵ و ئارەزووی تاکگەرایی، لەرێگەی کۆمەڵێك یاسا و رێساوە کۆتوبەند دەکرێت (شەمس، 2018: 138)، واتە (تاك هەر لە دایکبوونییەوە خۆی لەناو چوارچێوەی چەند یاسا و رێسایەکدا دەبینێتەوە، کە نەدەتوانێت بیانگۆڕێت و نە دەتوانێت لە گرنگیان کەمبکاتەوە، هەروەها ناتوانێت رەخنەی لێبگرێت و هێرش بکاتە سەری و لێی رابکات، تاکە شتێك کە تاك دەتوانێت بیکات جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەیە و تەسلیم بوونیەتی بە فەرمانەکانی، ئەگینا ئەو تاکە لە کۆمەڵگا قبوڵ ناکرێت (محمد, 2009: 70). خێزان وەکو یەکەمین ناوەندی پەروەردەکردنی منداڵ، کەلتوور و بەها کۆمەڵایەتییەکان و ئەو دەربڕاوانەی لە بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاردەهێنرێن و بە باشی و وریاییەوە فێری منداڵان دەکەن، ئەمەش بۆ پاراستنی نەوەکانە لە سزا کۆمەڵایەتییەکان و پاراستنی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانەی، کە دەیان ساڵ ئەزمونکراوە و رێکەوتنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێکی دیاریکراوی لەسەر هەیە، چونکە بە گشتی لە هەموو کەلتوورەکاندا (خەڵکیی حەزیان بە رەفتاری جوان و زمانی بە رێزانەیە، بەواتا رێزگرتن رەفتارێکی زمانیی خۆویستانەیە و یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی زمان، بۆ درێژەپێدانی پێوەندییەکان پێویستە، ئەمەش لە رێگەی جوانرەفتاری و نەرمونیانی و شێوازی دەربڕینی گونجاو لەلایەن قسەکەرەوە بە مەبەستی رزگاربوون لە بارگرژی و ململانێ لە پێوەندییە کەسییەکاندا (حەمەرەشید مەعروف ، 2012: 14)، واتە زمان خۆی رەفتارێکی کۆمەڵایەتییە، مرۆڤیش کە لە کۆمەڵێکی جەنجاڵی پڕ جموجوڵدا بژێت، ئەوا دەبێت کەسایەتییەکی تایبەت بەو باروبووبەرەی ببێت، لەو شوێنانەشدا کە باری کۆمەڵایەتی جیاجیای تێدایە، مرۆڤ دەبێ وابێت کە لەگەڵ کەسانی جۆراوجۆردا و بژێت و هەڵبکات و لەگەڵ هەریەکەشیاندا پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی جیاوازی هەبێت، بۆیە دەبێت دەربڕینەکانی بەپێی نیشانە کۆمەڵایەتییەکان بێت، کە مەبەست لەو نیشانە کۆمەڵایەتییانەن، کە پلەوپایەی قسەکەر و چین وتوێژی و ئاستی رۆشنبیریی و پیشە و رەگەزی و تەمەنی و باری و خزمایەتیی و نزیکی و دووریی و یەکسانی و نایەکسانیی، لەچوارچێوە کۆمەڵایەتییە زمانییەکەدا، بەپێی هەلومەرجە نابەرامبەرییەکانی دەسەڵات و هاوکاری، لەگەڵ گوێگردا لەرێی وتنەوە، بەپێی دەوروبەر دیاریدەکەن (فەرەج، 2000: 141- 142).

زمانیش وەکو دیاریدەیەکی کۆمەڵایەتی و کەلتووری خاوەنی کۆمەڵێك یاسای کۆمەڵایەتییە و تاکەکان ناچارن بکەونەژێر بەکارهێنانییەوە، هەروەها سەرجەم تاکەکانی ئەندامی کۆمەڵێکی دیاریکراو دەبێت بەپێی یاسا کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کۆمەڵ رەفتار بکەن و شێوازی قسەکردنیشیان بەپێ ئەو یاسا کۆمەڵایەتییەکان بێت، چونکە لەم رێگەیەوە تاکەکان پێکەوەدەهێڵێتەوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەپارێزێت، بۆیە دەبێت ئاخێوەر دەربڕینەکانی بەپێی یاسا کۆمەڵایەتییەکان بەکاربهێنێت و هەڵسوکەوت و دەربڕینەکانی لەگەڵ کەلتووری ئەو کۆمەڵەی تێدا دەژێت، بگونجێنێت، چونکە (خەڵك زمان تەنها بۆ گواستنەوەی بیر و هەست بۆ بەرامبەریان بەکارناهێنن، بەڵکو بە جۆرێك بەکاریدەهێنن، تاوەکو بتوانن پێوەندییان لەگەڵ یەکتر بەباشی پەسنبکەن و شوناس بە خۆیان ببەخشن (عارف, 2012: 4)، بۆیە (کەرەستە زمانییەکان چ دەربڕاو چ بە نووسراو بێت، بەهۆی بایەخی فیسۆلۆژیی و کۆمەڵایەتییەوە، رۆڵێکی بێهاوتا و مەزن دەگێڕن لە باری هەڵچوونی مرۆڤ و هەڵوێستەکانی بەرامبەر خۆی و کەسانی تر لە رەوتی ژیانی رۆژانەدا (جەعفەر، 1970: 145)، واتە دەربڕینی هەر وشەیەك کاردانەوەیەکی دیاریکراو بەدوای خۆیدا دەهێنێت، چ لەباری ئاسای خۆی یان رۆڵی هێورکردنەوە یان توندوتیژی و ورژاندن دەبینێت، جۆری کاردانەوەش پەیوەستە بە بابەت و شوێن و بارودۆخ و دەوروبەر و لایەنی دەرونی و پەیوەندی نێوان ئاخێوەر و کوێگری گفتوگۆیەکەوە.

وەکو چۆن هەموو ئەو یاسا و رێسایانەی زمانێکی دیاریکراو، کە زمانناسی دیارییاندەکات، دەبێت هەموو قسەکەرێکی ئەو زمانە پێوەی پەیوەستبێت، لادان لێیان قسەکەر تووشی لە یەکترنەگەیشتن و گاڵتەپێکردن دەکاتەوە، بە هەمان شێوەش ئەو یاسا و رێسا کۆمەڵایەتییانەی، کە زانستی زمانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا دیاری دەکات، قسەکەر نابێت بیانبەزێنێت و لێیان لابدات، تەنانەت ئەگەر بەپێی یاسا و رێسا زمانییەکانی زمانێکی دیاریکراو راستیشبن، کاتێك تاك یاسا زمانیی و کۆمەڵایەتییەی کۆمەڵەکەی لە گفتوگۆکاندا جێبەجێدەکات، وەکو تاکێکی سەرکەوتوو درێژە بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دەدات و گوێی لێدەگیرێت و بەشداری لە گفتوگۆکاندا پێدەکرێت و توشی سزای کۆمەڵایەتی نابێتەوە. بەمپێیە (ئەو کەسەی لە رێگەی قسەکانییەوە ئارامی دەوروبەر تێکدەدات، ئەو کەسە لە پەیوەندییەکانی سەرکەوتوونابێت، بەمەش زیان لە ژیانی خۆی و ژیانی دەوروبەری دەدات، ئەنجامێکی خراپی دەبێت بۆ سەر ژیانی کۆمەڵایەتی خۆی و دەوروپشتی، لەوانەیە بە کەسێکی سەرنەکەوتوو و کەم سەیربکرێت (عەبدولرەحمان، 2008: 43).

هیچ تاکێکی کۆمەڵێکی دیاریکراو ناتوانێت بە تەنیا و جیاواز لە کۆمەڵەکەی بژێت، بۆیە پێویستی بەوەیە، کە لە پێناو بەدەستهێنانی رەزامەندی وپەسەندبوونی وەکو ئەندامێکی ئەو کۆمەڵەکەی، خۆی لەگەڵ ئەندامەکانی تری کۆمەڵەکەی بگونجێت، بۆئەمەش پێویستە پێرەوی ئەو یاسا و رێسا

کۆمەڵایەتییانە بکات، کە بەرهەمی بیری کۆمەڵ خۆیەتی و پاش ڕێککەوتن لەسەری و ئەزموونکردنی بۆ ڕێکخستی پەیوەندییەکانی نێوانیان بڕیاریان لێداوە، (ئەم یاسا کۆمەڵایەتییانەش تێهەڵکێشی زمانی دایکە و لە ڕێگەیەوە نەوە بۆ نەوە دەگوێزرێتەوە، دەرچوون لەم یاسایەنە سزای کۆمەڵایەتی لێدەکەویتەوە، سەرکەوتن و بەردەوامیدا بە گفتوگۆ و پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراو، پەیوەستە بەم یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتییانەی زمانەوە (محەمەد، 2022: 32) **(بڕوانە هێڵکاری -1)**. چ لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بێت یان لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، تاکی سەرکەوتوو ئەو تاکەیە، کە هاوسەنگییەك لەنێوان تاگەرایی و هەڵکردنەکانی لەگەڵ تاکەکانی تری کۆمەڵگادا دادەمەزرێنێت، چونکە (ئەگەر تاکێك تاگەراییەکەی زاڵبێت بەسەر هەڵکردنەکەیدا، ئەوا تاکێکی ناچیزەی نامۆی نەویستراوی کۆمەڵگایە، هەروەها ئەگەر تاکێکیش هەڵکردنەکەی زاڵبێت بەسەر تاگەراییەکەیدا، ئەوە دەبێت بە تاکێکی ونبووی ناو کۆمەڵگاکەی (فەرەج، 2011: 57).




هێڵکاریی ژمارە (1) ڕۆڵی یاسا کۆمەڵایەتییەکانی زمان لە ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا

واتە ئەگەر کەسێك لە کاتی قسەکردندا یاسا کۆمەڵایەتییەکانی زمانی جێبەجێنەکرد، سزاکانیش بەپێی جێبەجێنەکردنی یاساکان پلەیان هەیە، بەمشێوەیە(محمد، 2009: 77-78):

1. ئەگەر یاساکانی ڕێزگرتن جێبەجێ نەکات ئەوا بە (بێڕێز) دادەنرێت و هاوڕێیەتی ناکرێت.
2. جێبەجێنەکردنی یاسای بیروباوەڕی ئایینی سزاکەی زۆر قورسە و ڕەنگە بە لێدان و کوشتنی قسەکەر کۆتایی بێت و بە (لە خوانەترس و کافر) ناودەبرێت.
3. ئەگەر قسەکەرێك لەکاتی قسەکردنیدا ڕەچاوی تەمەنی خۆی نەکرد تووشی ڕەخنەگرتن و گاڵتەپێکردن دەبێتەوە.
4. ئەگەر قسەکەر ڕەچاوی ڕەگەزی خۆی نەکات لەکاتی قسەکردندا بە تایبەتی پیاو ئەو وشانە بەکاربێنێت، کە تایبەتن بە ئافرەت، ئەوە لە کۆمەڵگادا تووشی ڕەخنەگرتن و پێکەنین دەبێتەوە و بە (ژنانی) ناودەبرێت.
5. ئەگەر قسەکەر ڕەچاوی توێژە کۆمەڵایەتیەکەی نەکات، بۆ نموونە لەناو توێژی خوێندەواردا تووشی ڕەخنەگرتن و پلارلێدان دەبێتەوە و بە (نەزان و دواکەوتوو) دادەنرێت.
6. ئەگەر قسەکەر ڕەچاوی تابووەکان نەکات لە کۆمەڵگاکەیدا و زاراوەی داپۆشەری بەکارنەهێنا ئەوا لە کۆمەڵگا بە(بێ ڕەوشت/ بێ ئەدەب) ناودەبرێت.

یاسا کۆمەڵایەتی و دادوەرییەکان بۆ پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراوە دانراون، پابەنبوون و جێبەجیکردنیان بەخورتییە، لادان لێیان و بەزاندنی یاساکان تاوانە، کە مەبەست لەو ڕەفتارە نایاساییەکانەیە، کە بە لادان لە کۆتوبەند و یاساکانی دابونەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان و دادوەرییەکان دادەنرێت، تاك بە تاوانبار دادەنرێت و بە پێی جۆری شکاندنی یاساکان ڕووبەڕووی سزا دەکرێتەوە.

## تەوەری دووەم

## (زمان وەکو ئامرازی توندوتیژی و تاوانە زمانییەکان)

### 1- توندوتیژی زارەکی (Verbal Violence):

بریتییە لەو جۆرەی توندوتیژی، کە بۆ ئازاردانی بەرامبەر پەنا دەبرێتەبەر بەکارهێنانی گوزارشت و قسەی ناشرین و نابەجێی، وەکو(جنێوو، ناوناتۆرە، گاڵتەپێکردن، سەرزنشتکردن، هەڕەشەکردن)( ربیع و الفوم، 2012: 151). (گوزارشتە هەڵچوونییەکان و هۆکارەکانی وروژاندن و شێوازەکانی دەربڕین، بە زمانەوە پەیوستن، چونکە وشەکان شوێنەوارێکی قووڵ لە هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی لە چالاکی هەڵچوونی مرۆڤدا بە جێدەهێڵن (جەعفەر، 1970: 148). مرۆڤ لە ڕێگەی زمانەوە گوزارشت لە ناخ و خودی خۆی دەکات و دەتوانێت حەز و ئارەزو و بیر و هەڵچوونەکانی بگەیەنێت بە کەسانی تر، (هەر لە ڕێگەی زمانەوەیە، تاك گوزارشت لە خۆشی و ناخۆشی و پێکەنین و دڵتەنگی و تووڕەبوونەکانی دەکات، کە ئەوانیش بە چەندەها ڕەفتاری وەك : (پێکەنین، فیکەلێدان، گۆرانی، جوڵەی دەست و گۆڕانکاری دەم و چاو، هۆنراوە، پەخشان، جنێو...هتد، گوزارشتیان لێدەکرێت و دەبنە بەتاڵکردنەوەی فشارە دەروونییەکانی ناو خودی مرۆڤ (قەرەچەتانی (2015: 15)، بۆیە تاك لە کۆمەڵەکەی بۆ خۆگونجاندن و پاراستنی پێگە و کەسایەتی خۆی، هەمیشە هەوڵدەدات بەپێی تونا یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتی و دادوەرییەکانی کۆمەڵ و سیستەمە حکومڕانییەکەی پەیرەوبکات و خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمەڵ و سەپاندنی سزاکان بەدووربگرێت، واتە زمان لەلایەکەوە هۆکاری پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکانی کۆمەڵێکی دیاریکراوە و دەبێتە هۆی گەیاندنی بیرەکان بە یەکتر و پێکەوە ژیان لە سەر بنەمای هاوکاری و ڕێز و خۆشەویستی، کە لە ئەنجامی پابەنبوون بە یاسا کۆمەڵایەتییەکانی

زمانەوە دێتەئاراوە، لەلایەکی تریشەوە هۆکارێکە بۆ هێنانەئارای توندوتیژی و بەربەرەکانێی نێوان تاکەکان و تێکچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەندێك تاك ڕووبەڕووی سزای کۆمەڵایەتی دەکاتەوە.

لەناو کۆمەڵەی کوردەواریدا بە چەند دەربڕاوێك ئاماژە بۆ ئەم مەبەستانەی بەکارهێنانی زمان کراوە، لەوانە:

-زمان بگرە سەر سەلامەتە/ڕەحەتە.

-زمان بەڵای سەرە.

-بە قسەی خۆش مار لە کون دێتە دەرەوە.

-زمان پیس/ دەمشڕ

توندوتیژی زارەکی بە سەرەکیترین و یەکەمین هەنگاوی دەستپێکردن و جێبەجێکردنی جۆرەکانی تری توندوتیژی دادەنرێت، بە زۆری ئەو دەربڕاوانەی دەچنە چوارچێوەری ئەم بابەتانەی خوارەوە توندوتیژی زمانییان لێدەکەوێتەوە:

1- جنێو
2- بێڕێزیکردن
3- هەڕەشەکردن
4- سوکایەتی پێکردن
5- تابوو(بەکارهێنانی هەندێك دەربڕاوی قەدەغەکراو)
6- ترساندن و تۆقاندنی زارەکی
7- ناوناتۆرە
8- شکاندنی پێوەرەکۆمەڵایەتییەکانی قسەپێکردن...هتد.

**2.** تاوانە زمانییەکان **(Crimes of Language)**:

زمان پردی پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵە و لە ڕێگەیەوە بیرەکانیان ئاڵوگۆڕدەکەن، ئەم پەیوەندییانەش بە کۆمەڵێك یاسا کۆمەڵایەتی و یاسای دادوەری کۆتوبەندکراون، کە تاکەکان پێی ئاشنان و پەیوەستن بە بەجێبەجێکردنییەوە، یان بە پێچەوانەوە یاساکان دەبەزێنن و تاکگەراییانە خۆیان ڕووبەڕووی سزای کۆمەڵایەتی و فەرمی دەکەنەوە، واتا زمان لە دووتوێی ئامرازی پەیوەندییەوە ئامرازی تاوانکردنیشە، بۆیە (زمان کاریگەرییەکی بەهێز و پاڵپشتیکەری هەیە لە بواری تاواناسی و هەموو ئەوانەی، کە پەیوەندییان پێوەی هەیە بە ئامانجی گەیشتن بە دادپەروەری (بن عوض الشهری، 2022: 769). سەرەڕای ئەوەی دەقە یاساییەکان بە زمان نووسراون و هەر لە ڕێگەی زمانیشەوە لێکدانەوەشیان بۆ دەکریت، هەندێك لە تاوانەکان هەر خۆشیان لە ڕێگەی زمانەوە جێبەجێدەکرێن، کە بە تاوانە زمانییەکان ناسراون، (مەبەست لەو جۆرە تاوانانەیە، کە لە زمانەوانیدا بە کردەی قسەی نایاسایی ناودەبرێت و لە ڕێگەی ئاخاوتن یاخود نووسینەوە ئەنجامدەدرێت، واتە تاوانەکە لە سەرەتاوە لە ڕێگەی زمانەوە ئەنجامدراوە، ئەو بەڵگانەش، کە بوونی تاوانەکە دەسەلمێنن، لە ڕێگەی تۆمارێکی دەنگیی، دەقێکی نووسراو، یاخود لە ڕێگەی لێدوانەکانی گەواهیدەرێك، یان چەند گەواهیدەرێکەوەیە، کە گەواهیدەرە لە بیستن یان بینینی تاوانە زمانییەکەدا(ڕەوف، 2021، 137).

ئەو زانستەی کارە لەسەر تاوانە زمانییەکان دەکات بە زانستی زمانی دادوەری/زمانەوانیی دادوەری (Forensic Linguistics) ناسراوە، کە ڕووکارێکە لەنێوان زمان و تاوان و یاسا، لە جێبەجێکردنی یاسا و بابەتە دادوەرییەکان و یاسادانان و لێکۆڵینەوە لە سەرپێچی یاسا یەکدەگرنەوە (Olsson ، 2014: 2). زانستێکی فراوان و گشتگیرە، کردەوەی تاوانکاری و تاوانبار و دادوەر و ڕێکارە یاساییەکان دەگرێتەوە، بەمەش خزمەت بە لێکۆڵەرەوان لە پڕۆسەی لێکۆڵینەوەی تاوانکاریدا دەکات (بن عوض الشهری، 2022: 762-763)، واتە (خستنەکاری زانستی زمان لە ڕێگەی کۆزانیارییە زمانییەکانەوە بۆ لێکدانەوەی هەموو داتا یاسایی و بەڵگەکان لە بوارە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکاندا و بە تایبەت لە کۆبوونەوە یاساییەکاندا، ئەمەش بە مەبەستی گەیشتن بە وردەکاری لە لێکۆڵینەوەکاندا(مەحموود، 2015: 336) و تێگەیشتن لە زمانی یاسایی و ئەو ئاڵۆزییانەی لەناو سروشتی ئەم زانستەدا هەیە، لەگەڵ چوارچێوەی بەکارهێنانی زمان لەناو پڕۆسە دادوەرییەکانی وەکو جوڵاندنی داوای سزایی و هەوڵدان لە تاوان و لێکۆڵینەوە و ڕێکارە دادگاییەکان و بڕیار و حوکمەکان و ...هتد، دەدات(ڕەوف، 2021: 5 )، واتە هەموو زانستەکان لە ڕێگەی زمانەوە دەردەبڕێن، سەرەڕایی ئەوەی، کە زمان لە بواری زانستی یاسادا ئامرازی داڕشتنی دەق و زاراوە یاساییەکانە تا دەگاتە شیکردنەوە و لێکدانەوە دەقەکان، لەهەمانکاتیشدا ڕۆڵێکی گرنگی لە تێگەیشتن و لێکدانەوەی دەق و بەڵگە نووسراوەکانی تاوانی تاوانباران و تێگەیشتن لە جۆری تاوانەکان دەرخەری ڕاستییەکان هەیە، تێکەڵاوی زمان و یاساش لە سێ ڕووبەری سەرەکییەوەیە، کە بریتین لە(مەحموود، 2015: 333):

یەکەم: زمان کەناڵی نێوان (یاسا و تاونبارن و شایەتەکان)ە Language and Medium

دووەم: زمانی دەقە یاساییەکان (یاسا زمانی تایبەت بە خۆی هەیە) Language of Law

سێیەم: تاوانەکانی زمان Crimes of Language

تاوانە زمانییەکان بە هەمانشێوەی تاوانە کردارییەکان، بەپێی یاسای سزادانی وڵاتە جیاوازەکان سزایان بۆ دانراوە و بە تاوان هەژمارکراون، بەپێی یاسای سزادانی عێراقی لە چەندین ماددەی جیاوازدا، بەپێی جۆری تاوانەکان سزایان بۆ دیاریکراوە. هەر دەربڕاوێکی زمانی ئەگەر پەیوەست بە چوارچێوەیەکی یاسایی و تاوانکارییەوە بێت، بە پشتبەستن بە مەبەست و کاریگەرییە دەروونییەکان، دەگونجێت بە تاوانی زمانی دەستنیشان بکرێت، چونکە (مرۆڤێك کاتێك وشەی ناشرین و ڕەق و بریندارکەری بە مەبەستی سوکایەتی و ناشرینکردن ئاراستەدەکرێت بە تایبەتی لەبار و ڕەوشێکی کۆمەڵایەتی وەهادا، کە بواری وەڵامدانەوەی بە قسە یان کردەوە پێنەدرابێت، ئەوا توشی پەشێوی نالەبارییە هەڵچوونییەکان دەبێت و ڕەنگە لەڕووی دەرمارییشەوە دابڕمێت، ئەگەر هەستی سوکایەتی پێکردنەکەی قوڵبێت و سوکایەتییەکەش دووبارەبێتەوە، وشەی ناشرین و بریندارکەر گۆڕانکاری فسیۆلۆژی قووڵ لە مۆخدا بەجێ دەهێڵێت بە تایبەتی لەلای ئەو کەسانەی کۆئەندامی ناوەندی دەماریان لاوازە و هەڵەشەن، ئەمەش بۆ هەڵومەرجە

کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێتەوە (جەعفەر، 1970: 149). لەم بوارەدا بە گشتی زمان بە دوو شێوە دەچێتە قاڵبی تاوانەوە، یاخود دوو جۆر تاوانی پێدەکرێت(ڕەوف، 2021: 64 – 65):

1. تاوانی ڕاستەوخۆ: ئەمجۆرە تاوانە ئەو شێوانەی تاوانی زمانیی دەگرێتەوە، کە ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی زمانەوە ئەنجامدراون، بۆ نموونە توندوتیژییە زمانییەکانی وەکو ( ناوزڕاندن، سوکایەتییپێکردن، جنێودان، نهێنی درکاندن، ساختەکاری نووسراو، هەواڵنەدان...هتد).
2. تاوانی ناڕاستەوخۆ: زمان لە شێوەی ئەم جۆرە تاوانەدا، دەبێتە هەڵنان بۆ کردنی تاوان، بۆ نموونە تاوانی (هاندان)، وەك هاندانی کەسێك بۆ کردنی تاوانێك لە ڕێگەی خستنەڕووی بیرۆکە و پێشنیار، تەفرەدان، فریودان و هەڵخەڵەتاندن، بەڵێندان و سوێندخواردنی درۆ بە مەبەستی قایلکردن بۆ ئەنجامدانی تاوان...هتد.

تاوانەکان لە یاسای سزاکانی عێراق ژمارە (111)ی ساڵی (1969)دا بە شێوەیەکی گشتی دەچنە چوارچێوەی دوو جۆرەوە، جۆرێکیان کردەیین و بە کردەوە ئەنجامدەدرێن، وەکو تاوانەکانی: (کوشتن، بریندارکردن، لێدان، دەستدرێژیکردن، دزیکردن، ڕێگریکردن، داگیرکردنی نارەوا، پلانگێری، بەدەستهێنانی نارەوا، قومارکردن، بەرتیل، خیانەت، بەدڕەوشتی، سوو، گێچەڵی سێکسی...هتد)، جۆرەکەی دیکەیان تاوانی زمانیین چی نووسراو بێت یان زارەکی، کە لە ڕێگەی زمانەوە ئەنجامدەدرێن، وەکو: (هەڕەشەکردن، جنێودان، ناوزڕاندن، درۆکردن، شایەتیدانی نارەوا، هەڵخەڵەتاندن، هاندان...هتد). لەم توێژینەوەدا تیشکدەخرێتەسەر تاوانە زمانییەکان، چونکە بە هەمانشێوەی تاوانە کرداریەکان مەترسین بۆ سەر دابونەریتی کۆمەڵ و هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتێك یان گروپ و کۆمەڵێك، هەروەها زیان بە ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ و دادپەروەری دەگەیەنێت، سزایی جۆراوجۆریان بۆ دانراوە، چونکە دەبنەهۆی:

1. زیان بە کەسایەتی تاك دەگەیەنێنێت.
2. پلەوپایە و پێگەی کۆمەڵایەتی تاك دەرۆشێنێت.
3. کاریگەری نەرێنی لەسەر لایەنی دەروونی تاك جێدەهێڵێت..
4. ڕێگرن لە کارکردنی ئاسایی ڕۆژانەی تاك.
5. پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی تاکە کەس.
6. زیان بە لایەنی ئابوری تاك دەگەیەنێت.
7. ترس و تۆقاندن بڵاودەکەنەوە.
8. هاندان و قایلکردن بۆ ئەنجامدانی تاوان.
9. فریودان و بەڵێندان و گەواهیدانی نارەوا.
10. مەترسی خستنەسەر خود و ماڵ و سامانی تاك.
11. ئاشکراکردنی نهێنییە تایبەتەکانی تاکێك...هتد.

## تەوەری سێیەم

## (جنێو و هەڕەشەکردن وەکو دوو نموونەی توندوتیژی و تاوانە زمانییەکان (ناوچەی گەرمیان بە نموونە)

ئەو جۆرانەی دەربڕاوە زمانییەکان، کە توندوتیژی کۆمەڵایەتیی و تاوانی زمانییان لێدەکەوێتەوە زۆرن، بەڵام لەم توێژینەوەدا هەردوو دیاردەی (جنێو و هەڕشەکردن)، کە باون و زۆرترین بەکارهێنانی هەیە، وەکو کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە بەکارهێنراون:

1. **جنێو (Name-Calling):**

جنێو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و دەروونییە، زۆرێک لە مرۆڤەکان بەپێی شوێن و دابونەریتی تاکەکان و جیاوازی کولتووریان لە ژیانی ڕۆژانەدا پەنای بۆ دەبەن، ئەو کەسەی جنێوەدات ئەوانەن، کە لەکاتی تورەبووندا ناتوانن کۆنترۆڵی خۆیان بکەن، یان ئەو کەسانەن کۆزانیاری و دنیابینییان هاوکاریان نییە بۆ چارەسەرکردنی بابەتیانەی کێشەکان. جنێو بە دیاریدەیەکی ناشرین و ناپەسەندی ناو کۆمەڵدا دادەنرێت و جۆرێکە لەو دەربڕاوانەی, کە توندوتیژی زارەکییان لێدەکەوێتەوە، چونکە (ئازار بە کەسی بەرامبەر دەگەیەنن، جنێوپێدراو هەست بە سوکایەتی پێکردن دەکات، بۆیە زۆربەی کات کاردانەوەی نەرێنی دەبێ لەسەری و بە هەمانشێوە وەڵامی دەداتەوە و دەبێ بە دەمە دەم و کەسیان ناتوانێ قبوڵی بەرامبەری خۆی بکات، ئەمەش ڕەنگە زۆرجار کێشەی گەورەی لێبکەوێتەوە (بەرزنجی، 2011: 64). لە کەلتووری کوردیدا ئەو کەسەی، کە جنێودەدات بە چاوێکی سووك سەیردەکرێت و زاراوەی (جنێووفرۆش)ی بۆ بەکاردەهێنرێت، جنێوەکانیش زیاتر پەیوەندییان بە ئابرو و ڕەوشتەوە هەیە، ئەو کەسەی جنێودەدات سەرەڕای ئەوەی، کە زۆرجار بە جنێو وەڵامدەدرێتەوە، ڕەنگە بگات بە شەڕ و پیاهەڵگزان، بۆیە لە هەموو کۆمەڵگاکاندا بەپێی جۆری کاریگەری و تێڕوانینی کۆمەڵ لەڕووی کەلتووری و ئایینی و ڕۆشنبیرییەوە بە چەند جۆرێك لە سزای کۆمەڵایەتی کەسی جنێوفرۆش/جنێودەر ڕووبەڕووی سزادەکرێتەوە، چونکە بە مەترسی بۆسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دانراوە، بۆیە بەپێی یاسا کۆمەڵایەتییەکانی زمان ناپەسەند و قەدەغەکراوە و هۆکارێکە بۆ سەرهەڵدانی توندوتیژی زمانی و تاکی بەکارهێنەر ڕووبەڕووی سزای کۆمەڵایەتی دەکاتەوە.

ئەو دەربڕاوانەی، کە جنێون و زیاتر لە ناوچەکانی گەرمیاندا لەلایەن جنێودەرەوە بەکاردێت، بە زۆری ئەمانەن:

- خوێڕی
- بەرەڵا
- بێئابروو
- بەد ڕەوشت
- بێناموس
- بێحەیا

- بێقیمەت
- نا پیاو
- بێغیرەت
- نامەرد
- گەواد
- قۆندەرە
- سەرسەری
- بێ ئەدەب/ بێ تەربییەت
- هیچ و پوچ
- بێنرخ...هتد.

یان قسەوتن بە ئەندامانی خێزان بە تایبەتی دایك و خوشك و ژن لە رێگەی بەكارهێنانی ئەندامە سێكسییەكانەوە، وەكو:

- لەشفرۆش
- توخم پیس/ح...ز
- زۆڵ
- ح...ز
- قەح...
- كوڕی قەح...
- گا...دەر
- ....بە .... دایك و خوشكت.
- ق...دەر...هتد.

یان چواندنیان بە جۆری ئاژەڵەكان. وەكو:

- حەیوان
- ئاژەڵ
- ماكەر
- مانگا
- گەماڵ
- چوارپێ
- گوێدرێژ
- سەگ
- كوڕی سەگ/كەر
- توتكە سەگ
- سەگ باب
- (دەیڵە/ دەڵە) سەگ...هتد.

ئەو كەسانەی، كە جنێو بەكاردەهێنن، زۆرجار ڕووبەڕووی توندوتیژی كۆمەڵایەتی دەبنەوە و لە ڕێگەی چەند دەربڕینێكەوە كەسی جنێوفرۆش سزادەدرێت و لە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان دووردەخرێنەوە یان پشتگوێدەخرێن و بە چاوێكی سوكەوە سەیردەكرێن و بەم دەربڕینانەی خوارەوە پەسەندەكرێن، وەكو:

- جنێوفرۆش
- جنێودەر
- بێشەرم
- دەم (شڕ/ پیس)
- زمان (شڕ/پیس)
- قسەڕەق
- كەڵكی ئاوەدانی نییە.
- بەكاری ئەوە نایات دەم بخەیتە دەمی...هتد.


زۆرێك لەو توندوتیژیانەی بەهۆی جنێودانەوە ئەنجامدەدرێن، سەرەڕای سزایی كۆمەڵایەتییەكان پەلدەكێشن بۆ تاوان، چونكە دەبنە تۆمەتباركردن و سوكایەتیكردن بە ئابڕوو یان كەسایەتی یان ئازاردانی هەستی كەسێك، بە جۆرێك، كە شكۆمەندی كەسەكە بروشێنێت و تورەی بكات، تەنانەت ئەگەر گێڕانەوەی ڕووداوێكی دیاریكراویشی تێدانەبێت (التميمي، 2019: 771). جنێو دەشێت ڕووبەڕوو بە زارەكی یان لە ڕێگەی ئاماژەوە یان نووسراو یان لە ڕێگەی (چاپەمەنی و تۆڕەكۆمەڵایەتییەكان و تەلەفزیۆن...هتد)ەوە، بەرامبەر كەسێك یان كۆمەڵێك بەكاردەهێنرێت، كە لە ئەنجامی هەڵچوونی دەروونی

تاکەوە دروستدەبێت، دەبێتەهۆی لەکەدارکردن و ڕوشاندنی کەسایەتی و ناوبانگ و پێگەی کۆمەڵایەتیی کەسێك، بەجۆرێك هەست بە تاوانێك بکات، کە بەرامبەری کراوە، یان بریتییە لەو گوتە ناشیزنانەی، کە بۆ زەمکردن و نزمکردنەوەی بەهای مرۆڤ بەکاردەهێنرێت لە قسەکەرەوە بۆ کەسی بەرامبەر گوێگر(بەرزنجی، 2011: 64)، چونکە (وشە و دەربڕاوە زمانییەکان شوێنگر و دەربڕی سەرجەم ڕواڵەتەکانی سروشت و ئەو کۆمەڵگایەن، کە مرۆڤ تێدا دەژی و شوێنەواریان بۆ مۆخ دەگوێزنەوە و پرۆسەگەلێکی فیسۆلۆژی دەوروژێنن، کە بە تەواوەتی هاوتایە لەگەڵ ناونراوەکانیان (جەعفەر، 1970: 146)، (دابونەریتی باوی کۆمەڵ ڕۆڵی لە دیاریکردنی واتاکانی وشەکان هەیە،چونکە وشەکان ڕەنگە لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا بە جنێو هەژماربکرێت و لە شوێنێکی دیکە وەها نەبێت ( التميمي، 2019: 772).

بەپێی یاسا دادوەرییەکان جنێو تاوانە و تاکی بەکارهێنەر ڕووبەڕووی سزادەکاتەوە چی بە زیندانیکردن بێت یان (غەرامە/تاوانانە)ی ماددی. لە ماددەی (434) لە یاسای سزادانی عیراقی پێناسەی جنێو کراوە و بە تاوان دانراوە بەمشێوەیە(خۆشناو، 2011: 272):

جنێو ئاخاوتنێکە شکۆمەندی کەسێك بروشێنێ یان پێگەی لەکەداربکات یان هەستی بریندابکات، هەرچەندە ڕوداوێکی دیاریکراوی نەخستبێتەپاڵ، هەرکەسێک جوێن بە یەکێک بدات بە بەندکردن سزا دەدرێت کە لە ماوەی (1) ساڵێک زیاتر نەبێت یان و بە (غەرامە/تاوانانە)یەك، کە لە (225000) دینار زیاتر نەبێت یان بە یەکێ لەو دوو سزایە، ئەگەر جنێودان بە ڕێگەی بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەکان یان چاپەمەنییەکان یان بە ڕێگەی یەکێک لە ڕێگەکانی تری ڕاگەیاندن ئەنجامبدرێت بە سزایەکی توندتر سزادەدرێت.

بەپێی ئەو داتایانەی لە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوك/ گەرمیانە وەرگیراوە، تاوانی جنێو لە ناوچەکانی گەرمیاندا یەکێکە لە باوترین و بەربڵاوترین تاوانە زمانییەکان، بە جۆرێك لە ساڵانی (2021) و (2022) و (2023)دا، بەپێی ماددەی (434) لە یاسای سزدانی عێراق (2377) دۆسیەی تایبەت بە جنێو یەکلاکراوەتەوە، هەر بەپێی داتاکان ئەوەش دەردەکەوێت، کە دادگاکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە سنوردارکردن و کەمکردنەوەی تاوانی جنێو هەیە، چونکە ساڵ بە ساڵ ڕێژەکەی لە کەمبوونەوەدایە **(بڕوانە هێڵکاریی (2).**




هێڵکاریی ژمارە (2) ئامارەی تاوانی جنێو لەنێوان ساڵانی (2021) بۆ (2023) لە ناوچەی گەرمیاندا

لێرەدا پەیوەست بە کاری توێژینەوەکەوە دەقی دۆسیەیەکی تاوانکاری تاوانی جنێو، کە لە یەکێك لە دادگاکانی کەتی سەر بە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوك/گەریانەوە وەرگیراوە، لێکدانەوەی بۆ دەکرێت و ئەو دەربڕاوانە دەخرێتەڕوو، کە تاوانە زمانییەکەی پێ ئەنجامدراوە، لەگەڵ دیاریکردنی ئەو ماددانەی، کە لە یاسای سزادانی عێراق بۆ تاوانی جنێودان دانراوە:

پوختەی ڕووداوەکانی نێو ئەم دۆسیە تاوانکارییە، بریتییە لەوەی سکاڵاکار بە ناوی (د)، سکاڵای لەسەر تۆمەتبار بە ناوی (ك) تۆمارکردووە، لەبەرئەوەی لە کاتژمێر (...)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی(....)، تاوانبار سەیارەکەی لای ماڵمان ڕاگرتبوو، من چووم لەسەر کێشەیەکی بچوك قسەی لەگەڵ بکەم، کە پێشتر لە نێوانماندا ڕوویدابوو، لەگەڵ ناوبراو بوو بە دەمەقاڵێمان چەندین جنێو و قسەی ناخۆش و نەشیاوی وەکو (خوێڕی) و (بێ غیرەت) و (بێ ئەدەب)ی پێوتووم. بەپێی لێکدانەوەی دەقی دۆسیەکە دەگەینە ئەوەی:

1. بەکارهێنانی دەربڕینەکانی وەکو (خوێڕی) و (بێ غیرەت) و (بێ ئەدەب) لەلایەن تۆمەتبارەوە جنێوە و دەچێتە چوارچێوەی تاوانەوە.
2. بەپێی ماددەی (434) لە یاسای سزدانی عێراق، تۆمەتبار لە ڕێگەی زمانەوە تاوانی جنێودانی ئەنجامداوە، چونکە لە یاساکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە (جنێودان ئاخاوتنێکە شکۆمەندی کەسێك بروشێنێ یان پێگەی لەکەداربکات یان هەستی بریندابکات، هەرچەندە ڕوداوێکی دیاریکراوی نەخستبێتەپاڵ، هەرکەسێک جوێن بە یەکێک بدات بە بەندکردن سزا دەدرێت کە لە ماوەی (1) ساڵێک زیاتر نەبێت یان بە (غەرامە/تاوانانە)یەك، کە لە (225000) دینار زیاتر نەبێت یان بە یەکێ لەو دوو سزایە، ئەگەر جنێودان بە ڕێگەی بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەکان یان چاپەمەنییەکان یان بە ڕێگەی یەکێک لە ڕێگەکانی تری ڕاگەیاندن ئەنجامبدرێت بە سزایەکی توندتر سزادەدرێت (خوشناو، 2011: 272).
3. لەبەرئەوەی سکاڵاکار لەگەڵ تۆمەتباردا ڕێکەوتوون و ئاشتەوایی لە نێوانیاندا ڕوویداوە، سکاڵاکار سکاڵاکەی کشاندووەتەوە، هەروەها ماددەی (434)ی یاسای سزدانیش، ئاشتەوایی بەبێ سزادان پەسەنددەکات، دادگا بڕیاریدا سکاڵاکە ڕەتبکاتەوە.

زۆربەی تاوانە زمانییەکان بە ڕێکەوتن و ئاشتبوونەوە و داخستنی سکاڵاکان کۆتایی دێت، چونکە تاوانە زمانییەکان زیان بە لایەنی دەروونی و پێگەی کۆمەڵایەتی تاك دەگەیەنێت، ئەمەش لەژێر کاریگەری تووڕەبووندا ڕوودەدات، هەر دەتوانرێت لە ڕێگەی زمانەوە بە پۆزشهێنانەوە و دڵدانەوە، کاریگەری و ئاسەواری ئەو زیانە کەمبکرێتەوە یان نەهێڵرێت.

**2. هەڕەشەکردن (Threat):**

هەڕەشەکردن یەکێکی ترە لەو جۆرانەی، کە توندوتیژی زارەکییان لێدەکەوێتەوە، کە بەلای کۆمەڵەوە ناپەسەندە و تاکی بەکارهێنەر ڕووبەڕووی سزای کۆمەڵایەتی دەکاتەوە و یەکێکیشە لە هۆکارەکانی توندوتیژی کۆمەڵایەتی، چونکە زۆربەی جۆرەکانی توندوتیژی کۆمەڵایەتی لە قۆناغی یەکەمدا بە هەڕەشەکردن لە ڕێگەی زمانەوە دەستپێدەکات. زۆرینەی توندوتیژییە زارەکییەکان هەر لە کۆمەڵدا بەپێی یاسا کۆکەڵایەتییەکانی زمان بە سزای کۆمەڵایەتی کۆتایی دێت،

ئەو دەربڕاوانەی، کە چەمکی هەڕەشە دەگەیەنن و لە ناوچەکانی گەرمیان بە زۆری بەکاردەهێنرێن، ئەمانەن:

- دەبێت بتکوژم.
- پارچەپارچەت دەکەن.
- دەتخنکێنم.
- سەرت دەبڕم.
- ماڵ و منداڵت (دەکوژم/دەربەدەر دەکەم).
- سەرنوقمت دەکەم.
- ئاگرت دەدەم.
- ماڵت دەڕمێنم.
- حەیات دەبەم.
- زیندە بە چاڵت دەکەم.
- شین و مۆرت دەکەمەوە.
- بەر چەقۆت دەدەم.
- سی فیشەکت پێوە دەنێم.
- ئەم کارەت بەسەرەوە ناچێت.
- مەگەر (نەتگرم/نەتبینمەوە).
- (دەمت/قاچت/گیان) دەشکێنم.
- دەمت پڕدەکەم لە خوێن.
- دەبێت پارچەپارچەت بکەم.
- ئەبێت تۆڵەت لێبکەمەوە.
- لێت ئەدەم.
- با بۆت بمێنم.
- بەسەرتەوە ناچێت.
- تەمێت ئەکەم.
- ماڵت دەڕۆمێنم.
- چاوت دەردێنم.
- گوێت دەبڕم.
- دەربەدەرت دەکەم.
- ڕێت/ڕێگەت لێدەگرم.
- لوتت/قاچت/ گیانت/ دەستت دەشکێنم.
- تۆڵەت لێدەکەمەوە.
- مەگەر (نەتگرم/نەتبینمەوە) ...هتد.

ئەوکەسەی هەڕەشە لە خەڵکی دەکات، سزای کۆمەڵایەتی دەدرێن و بەم دەربڕینانەی خوارەوە پەسندەکرێن، وەکو:

- شەڕانی
- شەڕفرۆش
- سەرسەری
- چەقۆکێش
- سەربەگۆبەن
- بکوژ
- ئۆینباز...هتد.

زۆرجار توندوتیژی پەلدەکێشێت بۆ تاوان و بەپێی یاسا دادوەرییەکان دۆسیەیەی بۆ دەکرێتەوە و بە سزای بەندکردن یان پێبژاردنی ماددی کۆتای دێت، چونکە (هەڕەشەکردن هێرشکردن و دەستدرێژییە بۆ سەر مافە کەسییەکانی مرۆڤ، کە دەبێتەهۆی ئەوەی نەتوانێت کاروبارەکانی بەشێوەیەکی ئاسایی جێبەجێبکات، هەروەها کاریگەری نەرێنی بە تایبەتی لەسەر باری دارایی و کۆمەڵایەتی و دەروونی کەسەکە و کۆمەڵگا بە گشتی دەبێت، ئەمەش بە تاوان دادەنرێت، چونکە هەر تاکێك مافی ئەوەی هەیە لەڕووی جەستەیی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە پارێزراوبێت ( الدرة ، 1988، 223)، واتە

(بەکارهێنانی زمان بە مەبەستی هەڕەشەکردن بە شیوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، واتە ڕووبەڕوو، یان لە ڕێگەی دەنگی نێردراو، نامەی نووسراو، پەیوەندییەکی تەلەفونی، یان لە ڕێگەیە ئاماژەیەکی ناوتەبی...هتد)ییەوە، بە تاوانی زمانی هەژماردەکرێت، چونکە ترس و تۆقین لەسەر لایەنی دەروونی کەسە هەڕەشە لێکراوەکە لە بارەی مەترسی گیانی، کەسایەتی، ماڵی، کۆمەڵایەتی...هتد دروستدەکات (ڕەوف، 2021: 139).

لە یاسای سزادانی عێراق ژمارە (111)ی ساڵی (1969)دا، هەڕەشەکردن، کە یەکێکە لە تاوانە زمانییەکان بە تاوان دانراوە و لە چەندین مادەی جیاوازدا (430) و (431) و (432)، بەپێی جۆر و ئەو ئامرازەی، کە هەڕەشەی پێ ئەنجامدەدرێت، سزای جیاجیای بۆ دانراوە، بۆ نموونە لە  مادده (430)دا ئاماژە بەوە کراوە، کە (خۆشناو، 2011:271-272):

یەکەم: هەرکەسێك هەڕەشە لە کەسێکی دیکە بکات بە ئەنجامدانی (تاوان/کەتن)ێك لە دژی خۆی یان ماڵ و سامانی، یان دژی کەسێکی دیکە، یان ماڵ و سامانی کەسێکی دیکە یان هەڕەشەی لێ بکات بە دانەپاڵی شتی ئابڕوبەر یان ئاشکراکردنی نهێنییەك، جا لەگەڵ هەڕەشەکە داواکاری بکات بەکردنی کارێك یان ملنەدان بۆ کارێك، سزادەدرێت بە زیندانیکردن (السجن) بۆ ماوەیەك، کە لە حەوت ساڵ زیاتر نەبێت.

دووەم : بەهەمان سزا سزادەدرێت ئەگەر هەڕەشەکردنەکە بە ڕێگای نووسراوی وەکو نامە وتارێك بوو، بەبێ ئاماژەکردن بە ناوی هەڕەشەکار، یان هەڕەشەکار بریتیبوو لە کۆمەڵەیەکی نهێنی، جا ئەو کۆمەڵەیە هەبێت، یان تەنیا بانگەشەبێت،

لە ماددەی (431)یشدا، ئاماژە بەوە کراوە، کە سزا دەدرێ بە بەندکردن هەرکەسێك هەڕەشە لە کەسێکی دیکە بکات بە ئەنجامدانی تاوانێك لە دژی هەڕەشە لێکراو، یان دژی ماڵ و سامانی، یان دژی کەسانی دی، یان دانەپاڵی شتێکی ئابڕوبەر، یان ئاشکراکردنی نهێنی، جگە لە حاڵەتەکانی مادەی (430)، کەواتە لەو مادەیەدا هەڕەشەکار هیچ داواکارییەك ناکات، یان داوای هیچ شتێك ناکات.

لە ماددەی (432)یشدا ئاماژە بەوە کراوە، کە هەرکەسێک هەڕەشە لە کەسێکی تر بکات بە قسە یان بە کردار یان بە ئاماژەی نوسین یان لە ڕێگەی کەسێکی ترەوە جیا لەو حاڵەتانەی، کە لە ماددەی (430) و (431) باسکراوە، ئەوە سزادەدرێت بە بەندکردن، کە زیاتر نەبێت لە ساڵێک یان بە (غەرامە/تاوانانە)یەک کە لە (225000) دینار زیاتر نەبێت.

هەڕەشەی زمانیی لە جۆری نووسراو جا لەسەر پارچە کاغەزێك بێت یان نووسینی سەر دەرگا و دیوار یان وێنە و هێما و ئاماژە، کاریگەرتر و مەترسیدارترە هەمبەر بە هەڕەشەی زارەکی، چونکە زۆرجار هەڕەشەی زارەکی بەبێ بیرکردنەوەی قوڵی پێشوەختە ئەنجامی دەدات، کە زیاتر لەژێر کاریگەری توڕەبووندا ڕوودەدات، بۆیە نابێتە هۆی دڵەڕاوکێ و ترس و تێکچوونی دەروونی زۆر بۆ هەڕەشەلێکراوە، بۆیە یاسای سزادانی میسری سزایەکی سووکتری بۆ تاوانی جۆری هەڕەشەی زارەکی داناوە هەمبەر هەڕەشە بە نووسراوە، بەڵام لە یاسای سزادانی عێراق لەڕووی سزاوە جیاوازی لەنێوانیاندا نەکراوە( الدرة، 1988: 237- 238).

بەپێی ئەو داتایانەی لە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوك/ گەرمیانە وەرگیراوە، تاوانی هەڕەشەکردن لە ناوچەکانی گەرمیاندا یەکێکە لە باوترین و بەربڵاوترین تاوانە زمانییەکان بە جۆرێك لە ساڵانی (2021) و (2022) و (2023)دا، بەپێی مادەی (432) لە یاسای سزدانی عێراق، کە تایبەتە بە تاوانی هەڕەشەکردن، دۆسیەیەی (2605) تاوان یەکلاکراوەتەوە، هەر بەپێی داتاکان ئەوەش دەردەکەوێت، کە دادگاکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە سنوردارکردن و کەمکردنەوەی تاوانەکەدا هەیە، چونکە ساڵ بە ساڵ ڕێژەکەی لە کەمبوونەوەدایە.

لێرەدا پەیوەست بە کاری توێژینەوەکەوە دۆسیەیەکی تاوانە زمانییەکان لە جۆری هەڕەشەکردن، کە لە دادگایەکی کەتنی سەر بە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوك/ گەرمیانەوە وەرگیراوە دەخەینەڕوو:

پوختەی ڕووداوەکانی نێو ئەم دۆسیە تاوانکارییە، بریتییە لەوەی سکاڵاکار بە ناوی (ر)، سکاڵای لەسەر تۆمەتباران بە ناوەکانی (ك) و (و) تۆمارکردووە، لەبەرئەوەی هەردوو ناوبراو لە ڕۆژی (......) چوونەتە پێش ماڵەکەم لە گوندی (....)، هەڕەشەیان لە خۆی و ماڵ و سامانی کردووە و پێیان وتووە، کە نابێت ئاژەڵەکانم لە ماڵ بۆ لەوەڕ دەربکەم و هەڕەشەیان لە شوانەکەمیش کردووە، کە نابێت ئالیك و ئاو و جۆ بە مەڕەکان بدات. بەپێی لێکدانەوەی دەقی دۆسیەکە دەگەینە ئەوەی:

1. لەبەرئەوەی لە دۆسییەکەدا هەڕەشە لە سکاڵاکار خۆی و ماڵ و سامانی کراوە، بۆیە بە تاوانی هەڕەشەکردن دانراوە.
2. دادگا بە مادەی (432) دۆسیەی بۆ سکاڵاکردووە، کە لە یاساکەدا ئاماژە بەوە کراوە، کە (هەرکەسێک هەڕەشە لە کەسێکی تر بکات بە قسە یان بە کردار یان بە ئاماژەی نوسین یان لە ڕێگەی کەسێکی ترەوە جیا لەو حاڵەتانەی، کە لە ماددەی (430) و (431) باسکراوە، ئەوە سزادەدرێت بە بەندکردن، کە زیاتر نەبێت لە ساڵێک یان بە (غەرامە/تاوانانە)یەک کە لە (225000) دینار زیاتر نەبێت (خوشناو، 2011: 272).
3. لەبەرئەوەی سکاڵاکار لەگەڵ هەردوو تۆمەتباردا ڕێکەوتوون و ئاشتەوایی لە نێوانیاندا ڕوویداوە، لە سکاڵاکەی پاشگەزبووەتەوە، هەروەها مادەی (432)ی یاسای سزدان، ئاشتەوایی بەبێ سزادان پەسەنددەکات، دادگا بڕیاریدا سکاڵاکە ڕەتبکاتەوە.

## ئەنجام

1. زمان هەرچەندە ئامرازی سەرەکی پەیوەندییە، لە هەمانکاتیشدا ئامرازێکی کاریگەری توندوتیژی و تاوانە.
2. هەموو کۆمەڵێکی مرۆیی لەژێر کاریگەری دوو جۆر یاسادان، کە جۆرێکیان یاسا و ڕێسای نەنوسراون و بە یاسا کۆمەڵایەتییەکان ناسراون، ئەم جۆرەیان لەلایەن کۆمەڵەوە بڕیاری لێدراوە و ڕێکەوتنی لەسەرکراو، سزاکانیش هەر لە کۆمەڵدا جێبەجێدەکرێن، جۆرێکی تر لە یاسا هەیە، کە یاسای نوسراون و یاسا دادوەرییەکان ناسراون، ئەم جۆرەیان لەلایەن حکومەت و لایەن پەیوەندارەکانەوە دانراون و سزکان بەپێی ڕێوشوێنی دادوەری دەسەپێنرێن.
3. توندوتیژی زمانیی بەرئەنجامی بەزاندن و لادانە لە یاسا کۆمەڵایەتییەکانی زمان، سزاکانیش لە کۆمەڵدا جێبەجێدەکرێن بە بەکارهێنانی دەربڕاوی پەیوەست جۆری توندوتیژییەکە یان بێبەشکردن لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.
4. زۆرجار توندوتیژی زمانیی پەلدەکێشێت بۆ تاوان، کە لە یاسای سزدانی عێراق لە چەندین مادەی جیاوازدا بەپێی جۆر و شێوازی تاوانەکە، سزایی جۆراوجۆریان بۆ دانراوە.
5. لە ناوچەی گەرمیاندا تاوانەکانی (جنێودان و هەڕەشەکردن) باوترین و بەربڵاوترین جۆری تاوانە زمانییەکانن.

6. توندوتیژی زمانیی و تاوانە زمانییەکان لە ناوچەی گەرمیاندا وەکو بەشێك لە کەلتوری کوردیی، بە کارێکی ناپەسەند دادەنرێت.
7. بەپێی ئەو داتایانەی لە سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوك/گەرمیانەوە وەرگیراون، دادگاکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە سنوردارکردن و کەمکردنەوەی تاوانە زمانییەکان لە ناوچەی گەرمیاندا هەیە.
8. لە ناوچەکانی گەرمیاندا زۆربەی توندوتیژییە زمانییەکان هەر لە کۆمەڵدا چارەسەر دەکرێت و تاوانە زمانییەکانیش لە دادگاکاندا بە ئاشتەوایی سکاڵاکان ڕەتدەکرێنەوە.

## سەرچاوەکان


1. بەرزنجی، شلێر ڕەسوڵ (2011)، لایەنی نەرێنی هەست دەربڕین لە زمانی کوردیدا (جنێودان) بە نموونە، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ،ژمارە 19، هەولێر.
2. جەعفەر، نوری (1970)، وەرگێڕانی سابیر بۆکانی سروشت و پەرەسەندنی هزر، چاپی یەکەم.
3. خۆشناو، سردار عزیز (2011)، یاسای سزاکانی عێراق ژمارە (111)ی ساڵی (1969)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی سێیەم، هەولێر.
4. ربیع، هادی مشعان و الفوم، اسماعیل محمد (2012)، و.ئەرکان بیانی، ڕێبەری پەروەردەیی، چاپخانەی شڤان.
5. ڕەوف، سۆما جەمال (2021)، پەنجەمۆری زمانیی لە لێکدانەوەی تاوانە زمانییەکاندا، ، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان.
6. شەمس، هێمن عەبدولحەمید (2018)، پەیوەندی و کارلێکی زمان و بیر– تابۆی سێکسی وەك نموونە، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی 22، ژمارەو (3).
7. عارف، زوبێر عەلی (2012)، ئیدیەم لە شێوەزاری هەورامیدا، نامەی ماجستێر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانیی.
8. عەبدولڕەحمان، شیلان عوسمان (2008)، کارابوونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغداد.
9. فەتاح، محەمەد مەعروف (2010)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکانم، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی شێروان حوسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی.
10. فەرەج، شاخەوان جەلال (2011)، تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندیی نێوان زمان و کلتور، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
11. فەرەج، هۆگر محموود (2000)، پراگماتیك و واتای نیشانەکان، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
12. قەرەچەتانی، کەریم شەریف (2015)، سایکۆلۆژیای زمانی منداڵ، چپخانەی پیرەمێرد، چاپی دووەم، سلێمانی.
13. کۆمەڵێك زمانەوان (2009)، مۆدێل و مۆدێلەکانی ڕێزمان، وەرگێڕانی محەمەدی مەحوی، سلێمانی، چاپخانەی ڕەنج، مەڵبەندی کوردۆلۆجی.
14. محمد، بەهار زایر(2009)، زمان و یاسا کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.
15. محەمەد، پێشکەوت مەجید (2023)، ڕەگەز لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە،دەزگای چاپ و پەخشی نارین، چاپی یەکەم.
16. محەمەد، پێشکەوت مەجید(2022)، ڕۆڵی پەروەردە لە کەمکردنەوەی بەرکارهێنانی ئەو دەربڕاوە زمانییانەی، کە توندوتێژی کۆمەڵایەتییان لێدەکەوێتەوە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان.
17. مەحموود، ئاڤێستا کەمال (2015)، ڕاڤەکردنی تاوانەکانی زمان لە چێوەی پەیبردنە زمانییە-دادوەرییەکاندا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (5).
18. مەعروف، ئارام عەبدولواحید حەمەڕەشید (2012)، ڕێزگرتن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سلێمانی.
19. بن عوض الشهری، فطمة بنت محمد (2022)، العلاقه بین اللغه و علم الجریمة، مجلة كلية العربية باتای البارود، العدد الخامس الثلاثون.
20. التمیمي، قیس لطیف كجان (2019)، شرح قانون العقوبات العراقی، المكتبة القانونی بغداد، الطبعة الثالثة.
21. الدرة، ماهر عبد شویش(1988)، شرح قانون العقوبات-القسم الخامص،الناشر العاتك لصناعة الكتاب، القاهرة.
22. الزیادي، حاكم مالك و سلمان، علي جاسم (2000)،الاقتراض اللغوي, مجلة المورد, العدد (4).
23. نهر، هادی (1988)، علم اللغة الاجتماعی، مطبعة دار الغصون، الطبعة الأول، لبنان.
24. هدسون (1987)، علم اللغة الأجتماعی، ترجمة د.محمود عبدالغی عیاد، بغداد، وزارة الثقافه والأعلام، دار الشون الثقافیة العامة.
25. وافی، علی عبدالواحد (1983)، اللغة والمجتمح، مطبعة النهضة ، الطبعة الرابعة، مصر.
26. Olsson, J. (2014). What is Forensic Linguistics? the text. Co.UK/docs/what_is. Doc.Acesso em .